www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1-7-2006 10:35

## با بە ویژدان بین کاک ڕەسول؟؟ ... قادر نادر

هە موو ئە و ڕە خنانە ی کە بابە تی گرنگ دە وروژێنن، نوسینی کوردی دە وڵە مە ند دە کات، هوشیاریە کیش بە خوێنە ر دە دات. ئە مە جگە لە وە ی ڕاستییە کان دابە ش دە کات. بە ڵام هەموو ئەو ڕەخنانەی توانج وسوکایەتیە بەیەکتر، هیچ داهێنانەک دروست ناکات لە نوسینی کوردی وە خزمەتیش بە خوێنەران ناکات

کاک ڕەسول عەولا دیبەگەیی لە ڕۆژی 25/6/ 2006 لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا، بابەتێکی وروژاندوە بە ناونیشانی (پارتی چەپی کوردستانی کچە کوردێک دەکات دەپاڵێوێت بۆ پەرلەمانی سویدی) کە ئەم بابەتەی هەمان بابەتی ڕۆژی2006/5/19 لە ماڵپەڕی دەنگەکان بڵاو کردۆتەوە پاش و پێشی کەمێک کردوە، وە لە بڕی ئەوەی ڕەخنە لە من بگرێت ئەم جارە ڕەخنەی لە هاوڕێ ئامینە گرتوە.

بۆ راستی ئەم وتەشمان فەرمو سەیری ئەولینکە بکەن http://www. dengekan. com/doc/2006/5/raswlSmail19. htm

زۆر جار بابەتێک بڵاودەکرێتەوە لەماڵپەڕەکان خوێنەر چەواشە دەکات. بۆیە بەپێویستم زانی دوبارە وەڵامی کا ک ڕەسول بدەمەوە http://www. dengekan. com/doc/2006/5/kadirNadir22. htm، چونکە ناهەقی بێ ویژدانیەکی گەورەی دەرهەق بە خودی هاوڕێ ئامینە و پارتی چەپ کردوە، ئەمە جگە لەوەی تیواو تیو ڕەخنەی لە ڕێکخراوی چاک گرتوە!!؟.

لە ڕەخنەکانی کاک ڕەسول وادیارە پاڵاوتنی ئامینە کاکە باوە بۆ پەرلەمانی سویدی هیچ گرنگیەکی نیە و بگرە زیانیشی هەیە بۆیە وا هێرشی کردۆتە سەری.

، ماوەیەکە چاک/ سوید، خۆی لەو ئاستە خەباتە کلاسیکیە کوردیە ڕزگار کردوە، کە هەموو کارو چالاکیەکانی لە نێو ڕەوەندی کورد بکات. بە ڵکو هەوڵی داوە گۆڕانێک لەخەباتی سیاسی وجەماوەری لەهەندەران بکات. ئەویش بە چڕوپڕ کردنی چالاکیەکانی لە نێو دام ودەزگا سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەری و مرۆڤ دۆستەکانی سویدا، وە کارو چالاکیە سیاسیەکانی ئەم ماوەی دیارە.

یەکێک لەکادیرە هەرە سەرەکیەکانی ئەم شێوە چالاکیانە ی خودی هاوڕێ ئامینە یە، کە بە هۆی ئەوەی کاندیدی پارتی چەپە بۆ پەرلەمانی داهاتوی سوید وگوتەبێژی ئەم پارتەشە لەزۆر کۆبونەوەو خۆپیشاندانەکانە لە شاری ستۆکهۆلم. وە ناسینی و تێکەڵاوبونی لە گەڵ چەندین ڕێکخراوی جیا جیای سویدی، کارەکانی چاک سوید ی باش بردۆتە پێش، کە بۆ مێژوو دەبێت دان بەو ڕاستیە بڵێم.

هاووری ئامینە نزیک بە 3 مانگە بۆتە ئە ندامی چاک ئەم کارو چالاکیانەی ئەنجام داوە.

توانی کۆبونەوەیەک لەگەڵ گروپ نێت پەرلەمان سوید ڕێک بخات کە لە نوێنەرانی 6پارتی سەرەکی سویدی پێک هاتوە، وەداکۆکی لە کێشەی هەرچوار پارچەی کوردستان دەکەن. http://www. nawandihalabja. com/ku/index. php?option=com_content&task=view&id=59&Itemid=31

بۆ دۆزینەوەی 18 کچی ئەنفالکراوی گەرمیان و ڕسوا کردنی وڵاتی میسڕ توانیویەتی پەیوەندی بە دەیان ڕێکخراوەی ژنان بکات لە ئاستی سوید و جیهاندا.

لە خۆپیشاندانی 12/4 /2006 دژ بە وڵاتی میسر لە ستۆکهۆلم، پارتی چەپ داوایان لێکرد کە بە ناوی پارتی چەپەوە ووتار بدات، بەڵام ئەو وتبوی من ئەندامی ڕیکخراوی چاکم، پێویستە بە یانامەی ڕەسمیمان لەو بارەوە هەبێت، کە سەرەنجام توانی بە یانەمەی پشتگیری بۆ سەرجەم داخوازیەکانی چاک بەرامبەر حکومەتی میسڕ بە دەست بهێنێ. بەمە ش توانرا یەکەم پارتی سیاسی ئەوڕپی پشتگیری لە دۆزی 18 کچی ئەنفالکراو بکات. لە کاتێکدا خودی پارتی سیاسیەکانی کوردستان تا ئێستا ئیدانەی حکومەتی میسڕیان نەکردوە!!؟؟.

بۆ بە ستنی کۆنگرەیەک بۆ مەسەلەی ئەنفال لە شاری ستۆکهۆلم دانیشتنی لە گەڵforumsyd کردوە، وە توانیویەتی ڕەزامەندیشیان وەربگرێت لەیارمەتی دانی ئەم ڕێکخراوە بۆ چاک بە مەرجێک ڕێکخراوی چاک سوید سەرجە م ئە وبەندە یاسایانەی تیا بێت، کەوا ئێستا ئێمەش خەریکی ئامادەکردنین.

دانیشتنی لە گەڵ سەنتەری ئۆلف پاڵمە کردوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای ڕێکخراوی چاکەوە هەندێ پرۆژەی خۆیان ببەنە ناوچە ئەنفالکراوەکان.

لە 6 ساڵی رابردودا چەندین جار سەردانی کوردستانی باشوری کردوە و زۆربەی سەردانەکانیشی کەسایەتی ئەکادیمی و پەرلەمانتاری سویدی لەگەڵ خۆی بردۆتەوە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە کێشەی کوردو تاوانی ئەنفال بە سویدیەکان بناسێنێت.

**من ئەم ساڵ ئاگادار بوم زۆر هەوڵی دەدا وەفدێکی پارتی چەپ بەسەرۆکایەتی ئۆلە هۆفمان سەردانی کوردستانی باشور بکەن.**

**پێم وایە ژنێکی کورد لەماوەی کەمتر لە 3 مانگدا کە من لەنزیکەوە ئاگادار م و ئەم کۆمەلە چالاکیانەی ئەنجام دابێت، شایستەی ئەوەیە ڕەوەندی کورد لە وولاتی سوید یارمەتی بدات بۆ ئەوەی بگاتە نێو پەڕلەمانی سویدا. کە دڵنیام بە وەرگرتنی کورسیەک لە پەڕلەمان، هاوڕی ئەمینە زۆر کارو چالاکی تر بۆ خەڵکی ئەنفال و کیمیاباران کراو ئەنجام دەکات.**

**برای بەڕیز ئەمە کورتەی 3 مانگی چالاکی هاوڕێ ئامینە یە، دەکرێت بەرێزیشت چالاکی 22 ساڵەی ژیانت لە سوید بۆمان باس بکەیت؟؟**

**سە بارەت بە پارتی چەپیش کاک رەسول ڕەخنەی لێ دەگرێت. دەبێت ئەوەمان لەیاد نە چێت ئەو پارتە، پارتیکی کوردستانی نیە، تا ئێمە داوای ئە وە یان لێ بکە ین بە چاویلکە ی ئێمە سە یری ڕوداوە کان بکە ن؟ خۆ ئە گە ر هە ڵوێستێکیان هە بێت لە سە رمان، ئە وا کورد گوتە نی لە چاکە ی خۆیانە خۆ قە رزاریشیان نین.**

**دواتر دە بێت ئە و مافە بە پارتە کی چە پی سویدی بدە ین دژ بە شە ڕ و ئە مریکا بێت... ئاخر خۆ تە نیا پارتی چە پ دژ بە و شە ڕە نە بوو. بە ڵکو لە هە موو جیهان بە سە دان ملیۆن مرۆڤ تێکە ڵاو بە زۆر بیرو بۆچوونی تیا کۆ ببۆوە. خە ڵکی کوردستانیش، ئە گە ر ڕژێمی سە دام داگیرکە رو تاوانبارێکی وا گە ورە نە بوایە، وا بە گە رمی پشتگیری لە و شە ڕە نە دە کرد... چونکە نە کارە ساتی شە ر بچووکە، نە ئە مریکاش رزگار کە ری گە لانە... بە ڵام خە لکی کوردستان و عێراق دواین چارە سە ریان بۆ ما بۆوە.**

**ئە وە ی کە مێک شا رە زای سیاسە تیش بێت، دە زانێت هە ڵوێستی (تاک، ڕێکخراو، پارت، حکومە ت) بۆ لێکدانە وە لە بە رامبە ر هە ر مە سە لە یە ک، بە یە ک دیداری تە لە فزیۆنی لێک نادرێتە وە؟ خۆ ئە گە ر بە یە ک هە ڵوێست، لە دیدارە کی تە لە فزیۆنی، خاڵە کی ڕە ش بە سە ر سە رکردە یە ک دابهێنین؟ ئە وا سە رکردایە تی کورد بە شی شێریان بە ر دە کە وێت بە تایبە تی مام جە لال؟... بە شێک لە و چاوپێکە وتنانە ی سە رکردایە تی کورد کردوویە تی لە چەند ساڵی ڕابردودا لە گە ڵ میدیاکانی تورکی و عە رە بی و فارسی کە ئێمە ش لێ ی ئاگادار ین. کە زۆر جار ئاخافتنی وایان دە ربڕیوە بە مانای ووشە ژە هر بووە بۆ خە ڵکانی نیشتمان پە روە ر. نمونە ش گە لێک زۆرە. ئە مە جگە لە وانە ی ئاگادار نین؟ لە بیریشت نە چێت، ئە وان زۆر جار ئە و ئاخافتنانە ی لە گە ڵ میدیاکانی عە رە بی و تورکی و فارسی... کردویانە جێ بە جێیان کردووە، کە جاری وا هە بووە مرۆڤ لە ناخە وە گریانی بۆ ئە م میللە تە دێت، کە ئە مانە ئاخافتن و ڕە فتاری سە رکردایە تی کورد بێت. بە راست کاک ڕە سوول تائێستا چە ند ڕە خنە لە سە ر ئە م مە سە لانە گرتوە؟**

**. خوێنە ران سە یری ئە م ئاخافتنە ی کاک ڕە سوول بکە ن بزانن چی دە ڵێت (22 ساڵ زیاترە لە سوید دەژیم! وەکو هاوڵاتیەکی سویدی دەمێکە مافی دەنگدانم هەیە لە سوید. لە سوید چوار جۆر هەڵبژاردن هەیە. گرنگترینیان هەلبژاردنی پەرلەمانە. من تا دواجاریش، واتا ئەیلولی 2002، لە هەموو جۆرە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی خۆم داوەتە پارتی چەپی سویدی لەبەر ئەوەی ئەم پارتە بۆ دادپەروەری و یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەباتی کردوە هەروەها ئەو پارتە لەو 25 ساڵەی ڕابردوودا زۆر پشتگیری لە مەسەلەی کورد کردوە) . 1 بۆیە لە سە ر یە ک (هە لوێست، بە رپرس، دیدار) مرۆڤ ناتوانێت دە یان هە لوێستی تریان لە بیر بکات، یان باسی ئە وە دە کە یت کە لارش ئو للە دژ بە ناوچە ی ئە منی بو وە بۆ ئێمە. کە دە ستت خۆش بێگ ڕەخنەت لێگرتوە. بە ڵام ئە وە ی من بیزانم پارتی چە پی سویدی لە کاتی کۆچ ڕە ودا لە نێو پە رلە مانی سوید داوای مافی بریاردانی چارە نووسی کردووە بۆ کورد، نە وە ک ناوچە ی پاراستن. وەئەم پارتە خاوەن یەک پەڕتوکە لەسەر داکۆکی کردن لە کێشەی کورد لە هەموو بە شەکاندا، خودی ئەم پەڕتوکەش لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆلم هەیە.**

**منیش لەگەڵ کاک ڕەسول دام زۆربەی پارتە سیاسیەکانی تری سوید داکۆکیان لەکێشەی کورد کردوە ئەمە جگە لە کە سایەتیەکانیان کە هەمویان جێگای ڕێزن.**

**بەڵام هەقە بەویژدان بین و هەڵوێستی هەموو ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانەی کە داکۆکی لەکێشەکەمان دەکەن ڕێز بگرین. بۆ نمونە پارتی چەپ لە زاری لارش ئولە لەساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا ئەم بەیانامە مێژوویەی دەرکرد** http://www. dengekan. com/doc/2006/3/chak_swed22. pdf **. وە ئێستا زۆربەی پارتە سیاسیە سەرەکیەکانی سوید پشتگیری لەو داخوازیەی پارتی چەپ دەکەن، کە ڕۆژی 3/16 ببێتە ڕۆژی دژ بە چەکی کۆمەڵکۆژی لە هەمو جیهاندا. کە بە بیروڕای من سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت ئەگەر ئەم**

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10:35 1-7-2006

بڕیارە لە پەڕلەمان و حکومەتی سویدی دەربچێت. ئەمە جگە لەو بەیانامە مێژویەی ئەم پارتە لەسەر فرۆشتنی 18 کچی کورد بۆ ولاتی میسر http://www. klawrojna. com/Noosin/nawandihalabja/PartiCapiSwediPestgiriTawaw. html

بابوێر بین کا ک ڕەسول بلێن ئەوە هەلوێستی پارتێکی چەپی سویدیە لە داکۆکی کردن لە ژنانی ئەنفالی کورد کە فرۆشراونەتە ولاتی میسر، وە پارتێک کە هەزاران کیلۆمەتر لەکوردستانەوە دورە کە چی خەبات بۆ ئەوە دەکات کە ڕۆژی 3/16 ببێتە رۆژی دژ بە چەکی کۆمەڵکوژی لە هەموو جیهاندا کە چی جۆتەک پارتی دەسەڵاتداری کوردیت هەیە هیچ چالاکیەکی لەم شیوەیان نیە لە کاتێکدا کێشەکە کێشەی ئەوانە؟؟. وە لەکۆتایی دەڵێم زۆر سەیرە کاک ڕەسول دوای 22 سال لە هەندەران کەلتوری نوسینی زانستی وەرنەگرتوە؟کاتێک دەڵێت هەندێ بە ڕە گەز کوردن.... وەک ئەوەی ئەو بڕوانامەی کورد ببەخشێت. برای بەڕێز، مێژوو کارو راستگۆیی نیشتمانی خەلک دەنوسێت نەوەک بەڕێزت.